# ناساندنێكی كورتی ڕۆمانی (جۆناسانی نەوڕەس)




ئیدریس عەلی

(جۆناسان باڵندەیەكی ئاسایی نەبوو، زۆربەی نەوڕەسەكان هەر ئەوەندە خۆیان ماندوو دەكەن كە فێری زانیارییە سادەكانی فڕین بن، واتە چۆن لەڕۆخی دەریاوە بۆ گەڕان بەدوای خۆراكدا بفڕنو بگەڕێنەوە، بەلای زۆربەی نەوڕەسەكانەوە ئەوەی گرنگە پەیداكردنی خۆراكە نەك فڕین، بەڵام بەلای جۆناسانەوە گرنگ فڕینە نەك خۆراك).

بەم شێوەیەو لەم پەڕە گرافە كورتەدا، خوێنەر بەر ڕۆحی پوختەكراوی كورتە ڕۆمانی ( جۆناسانی نەوڕەس) دەكەوێتو بە كۆمەڵگەی نەوڕەسان ئاشنا دەبێت، كە لەو كۆمەڵگەیەدا بیرو بۆچوونو باوەڕو كولتووری باوو زاڵ سنووری بیر كردنەوەو گەشەی ئەقڵی تاكەكان لە ئاستێكی دیاریكراودا قەتیس دەكات.

گەلەی نەوڕەسان دەبنە كۆیلەی ڕۆحی خۆیانو هەموو ئاسۆكانی بینینو ڕوانینیان تەنها لە چوارچێوەی

پەیداکردنی خۆراکدا دەبیننەوە، ئەوەی لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانو یاسا سەپاوەکان لابدات بەر نەفرەت دەکەوێتو دوور دەخرێتەوە، بەڵام ئەوە جۆناسانی نەورەسە پێیوایە دەبێت باڵندەکان بەر لەوەی بیر لەپەیداکردنی خۆراک بکەنەوە، دەبێت بیر لەهونەرەکانی فڕین بکەنەوە، چونکە پێیوایە ئەو باڵندەیەی زیاتر و دوورتر بفڕێت شتی زیاترو نهێنی پتر لە ئاسمانەکاندا دەبینێت.

ئەو باڵندەیە یاخی دەبێت لەیاسای گەلەی نەورەسانو عەودالی فێربوونی زیاتر دەبێت، ئەو بیر لە شێوازەکانی دیکەی فڕین دەکاتەوە، جۆناسان بەردەوام دوور لەگەلە و لەکەناری ڕووبارەکە بەتەنیا سەرقاڵی ئەوەیە جیاواز بفڕێتو دوورتر بڕوانێت، دایکو باوکی ئەم باڵندەیە هەر زوو درک بەوە دەکەن کە ڕۆڵەکەیان خاوەنی ڕۆحێکی جیاوازو دیدگایەکی جیاوازە، ئەوان سەرزەنشتی دەکەنو داوای لێدەکەن تواناکانی خۆی تەنها بۆ پەیداکردنی ماسیو نانی سەر ئاوەکان بەکار بێنێت، چونکە ئەوان وابیردەکەنەوە ئەو هێزەی سرووشت پێی بەخشیون تەنها بەشی ئەوە دەکات نانو ماسی پێدابین بکەن، ئەگەرچی سەرەتا هەوڵ دەدات وەک باڵندەکانی دیکە ژیانێکی ئاسایی بژیو سەرقاڵی ئەو کارە سادانەی ڕۆژگار بێت کە هاوڕێکانی دەیکەن، بەڵام ئەو ئیتر بەمە ڕازی نابێتو دەنگێک لەناخی خۆیەوە داوای لێدەکات دوورتر بڕوانێتو قووڵتر بفڕێت، بەمەش لەلایەکەوە دەبێتە یەکەمین سەرپێچیکەری کۆمەڵگەی نەورەسانو لەدەستووری گەورە سالاری لادەدات، لەلایەکی دیکەوە وەک پێشڕەوێکو سەردەق شکێنەرێکی بێوێنە و وەک مامۆستایەک ئارەزووی ئەوە دەکات ئەو زانیارییانەی خۆی لەڕێگەی هونەری فڕینەوە فێری دەبێت ببەخشێتە نەورەسەکانی دیکە.

لەکاتێکدا گەلە لەسەر زەوییەوە فڕینە جیاوازەکەو سەرپێچییەکانی جۆناسان لە ئاسماندا دەبینن، ئەم حاڵەتە بەلادان لە دەستوورەکانی بنەماڵە دەزانن، بۆیە گەورە سالاری باڵندەکان لەنێو ئاپۆڕای باڵندەکاندا داوا لە جۆناسان دەکات لەناوەڕاستیاندا بوەستێت، ئەو باڵندە یاخییە دەزانێت کە ئەوکەسەی داوای لێدەکرێت لەناوەڕاستی ئاپۆرەکەدا بەپێوە بوەستێت یان بۆ ڕێزلێنانە بەرامبەر بەسەروەرییەک، یاخود بۆ نەفرەت لێکردنە بەرامبەر بە سەرپێچییەک کە لەدیدی ئەوانەوە ئەنجامیداوە، ئەو سەرەتا پێیوابوو ستایش دەکرێت لەبەرامبەر ئەو ڕیکۆردە نوێیەی لە هونەری فڕیندا تۆماری کردووە، لەبەر ئەوە ڕوودەکاتە سالاری کۆمەڵگەی نەورەسەکانو پێی دەڵێت: من پێویستیم بە ڕێزلێنان نییەو حەز بەڕابەرایەتی ناکەم، تەنها دەمەوێت ئەوەی پەییم پێبردووە لەگەڵ ئەوانیدیکەدا بەشی بکەمو ئەو ئاسۆ دوورانەی لەبەردەمی هەمووماندایە بیانخەمە ڕوو.

بەڵام سەرۆکی نەورەسان داوای لێدەکات لەناوەڕاستی هەمووماندا بوەستێت بۆ ئەوەی ببێتە پەندو عیبرەت بۆ ئەوانیدی، چونکە بە پێی یاسای گەلەی نەورەسان جۆناسان دەستی داوەتە کارێک کە لەگەڵ عورفو یاسای بنەماڵەی نەورەساندا ناگونجێتو ناتەبایە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی جۆناسان دوور بخرێتەوەو ناچار بکرێت لەناو تاشە بەردەکاندا بەتەنیاو دوور لە گەلەی نەورەسان بژی، ئەگەرچی ژیانی تەنیایی ناو تاشەبەردەکان بەناڕەحەتی دەگوزەرێت لێی، بەڵام ئەو ڕۆحی سەرکێشی زیاتر تەشەنە دەکاتو سوورتر دەبێت لەوەی خێراییەکانی فڕینی خۆی زیاتر بکاتو شتی زیاتر فێر ببێت لەگەردووندا.

بەلای سەرگەورەی نەورەسانەوە ئەوان بۆیە هاتوونەتە نێو ژیانەوە بۆ ئەوەی تەنها بخۆنو چەندێک لەتوانایاندا هەیە پارێزگاری لەو ژیانە سنووردارەی خۆیان بکەن، تێنەگەیشتن لەژیان و ئەستەمی ئەوکارە یەکێکە لە بنچینەو کۆڵەکە یاساییەکانی کۆمەڵگەی نەورەسان، ئەوان ئەو برە توانایەی کەهەیانە بە شتێکی دیاریکراو و ئاسایی دەزانن کە سرووشت پێیبەخشیونو قایلن بەوەی تا مردن مومارەسەی بێدەسەڵاتیو نەزانینی خۆیان بکەن، بەمەش چ بوارێک بۆ تێفکرینو زانیاری زیاتر نادەن بۆ باڵندەکانیتر، هەر کەسێکیش

لەو دەستوورە لابدات وەک جۆناسانی نەورەس دەکرێتە عیبرەتو دوور دەخرێتەوەو دەدرێتە دەست قەدەری تەنهایی.

لێ ئەو باڵندەیە کە عەشقی فڕینو فێربوونو پەیبردن بە گەردوون و زانیاری بۆتە هێزێکو هانی دەدات بۆ سووربوون لەسەر ئەو قەناعەتەی خۆی، تووشی بێهیوایی نابێتو بەردەوام دەبێت لە پەرەسەندنی تواناییە فەردەییەکانی خۆی، ئەگەر چی ئەو بەتەنیا لەناو گاشە بەردەکاندا دەژیا، بەڵام خەمی ئەو تەنیاییو ژیانی سەختی ناو تاشەبەردەکانی کەنار رووبار نەبوو، بەڵکو خەمی ئەو باڵندانەی بوو کە پشتیان کردبووە ئەو فڕینەو نەیاندەویست لەو سنوورانە بپەڕنەوە کە یاساو دابونەریت بۆ تواناییەکانیان دایناوو.

جۆناسان رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر فێر دەبێتو زانیاری زیاتر بەدەست دێنێت، ئەو چیتر پێویستی بەوەش نەمابوو کە لەناو ڕووبارەکاندا ماسیو وردە نان پەیدا بکاتو ورگی خۆی تێر بکات، جۆناسان ئیتر لەڕێگەی فڕینو گەڕانەکانییەوە بەو ئاستەش گەیشتبوو کە لە ئاسماندا بنوێو بەناو کزە باکاندا بڕوات.

ئەو نەورەسەی لەلایەن گەلەکەیەوە بەنەفرەت کرابوو، ماندوو نەبوو لەگەڕانو تووشی بێهیوایی نەهات، هەوڵی زیاتری ئەو بۆ دۆزینەوەی بەهەشتو پەیداکردنی ئەو دەنگە حەقیقییەی ناخی بوو، دواجار ئەو لەڕێگەی دوو باڵندەی سەر بەگەلەی خۆیەوە کە ئەمانیش خولیای فڕینو فێربوون قەدەریانی یەکخستبوو، لەئاسماندا تووشی جۆناسان دەبنو ڕێگەی بەهەشتی نیشاندەدەن، ئەو ئیتر لە تواناکانی خۆیدا گەیشتۆتە ئاستی کەماڵ، ئێستا ئیتر وەک مامۆستایەک بیر لەهاوڕێ باڵندەکانی دەکاتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لایانو ئەوانیش فێربکات بۆ گەشتە قووڵەکانو دیتنی دنیای نوێ، دواجار هەرواش دەکات، دەگەڕێتەوەو دەستە دەستە نەورەسەکان دێنو وانەی ئیرادەو ئازادییو فڕینیان پێدەڵێتەوە، لەو ڕۆحە ڕزگاریان دەکات کە وەک زیندانێک تێیدا دەژین، ئەو ئاسۆ فراوانەیان نیشاندەدات کە ڕۆژێک لە ڕۆژان تەنها وەک خەیاڵ بیریان لێکردۆتەوە، ئیدی جۆناسان وەک ڕابەرێکو مامۆستایەک دەبێتە ڕۆشنکەرەوەی ڕێگە تاریکەکانی ئەو باڵندانەی کە بونەتە کۆیلەی یاساو دابو نەریتی کۆنو سواو.

ئەم ناساندنە کورتەو سادەیەی ڕۆمانی ( جۆناسانی نەورەس) ناتوانێت پەی بەو جیهانە قووڵو شارەوایە بەرێت کە ( ریچارد باخ)ی ئەمریکی نووسیویەتی، بەڵام دەتوانین لەیەک دێڕدا باسی خاڵی جیاکەرەوەی ئەم تێکستە بکەین، ئەویش ئەوەیە کە ( باخ) بە کەمترین وشەو دێڕ دوور لەوەسفی درێژ دادڕو موبالەغەی فەنتازی توانیویەتی ڕاڤەی دنیای پڕ لەنهێنی نەورەسەکانمان بۆ بکات، هاوکات لەم تێکستە کورتەدا خوێنەر بەر کۆمەڵێک زانیاری ورد دەکەوێت لەسەر ژیانو یاساو نەریتو سیستمی ژیانی باڵندەی نەورەس.

ئەم کورتە ڕۆمانە لێوانلێوە لە هیواو ژیاندۆستی، خۆشەویستی بێسنوور بۆ فێربوونو شکۆمەندی لای تاک دروستدەکات.

یەکێک لە ڕەهەندە ئینسانییەکانی نێو ئەم ڕۆمانە، بوونی برواو ئومێدێکی ئینسانییو هیوابەخشە، عەشقی گەڕانو فێربوونی شتی نوێ، ڕزگار بوونی ئەقڵ لە ڕۆحێکی دەستەمۆ کراو، پچڕاندنی زنجیری کۆیلەیەتیو بڕوابوون بەوەی لە گەشتو گەڕانە قووڵەکاندا پەی بەزانیاری زیاتر دەبرێتو شتی زیاتر فێر دەبێت، هەموو ئەم چەمکە جوانانە ئارایشتێکی دیکە بەژیان دەبەخشنەوە.

هەڵبژاردنی بابەتێکی وەک ئەم ڕۆمانە کە باس لەژیانی باڵندە دەکاتو زۆربەی دیمەنەکان لەئاسماندان، ڕەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە خودی ( ریچارد باخ) بۆ ماوەیەک لەهێزی ئاسمانی ئەمریکادا فڕۆکەوان بووە، پێدەچێت ئەو لەکاتی گەشتە ئاسمانییەکانیدا بەفڕۆکە، گەورەیی ئاسمانو گەردوونی بینیبێت، کۆمەڵێک

کارەکتەری وەک باڵندەی نەورەسیش کە بوونەتە سەنتەری چیرۆکو ڕووداوەکانی ناو ئەم کورتە ڕۆمانە، ڕەنگە لەو قەناعەتەوە سەرچاوەی گرتبێت کە ئەوان هەمیشە بەنزمی بەسەر ڕووبارەکاندا دەفڕنو تەنها بیر لەخواردن دەکەنەوە، بەلام (باخ) پەی بەو هێزە شارەوە بردووە لە نەورەسەکاندا کە دەتوانن ژیان تەنها لە خواردندا نەبیننەوە، بەڵکو دەشتوانن دوورترو قووڵتر بفڕنو ژیانێکی تر کەشفبکەن، نەورەسەکان لەقووڵایی ئاسمانەکاندا دەتوانن لەبچووکی ئەو ژیانەی ڕابردووی خۆیان بڕوانن کە لە کەنارو ناوەڕاستی ڕووبارەکاندا هەیانە.

خوێنەری وریا لەکاتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا خۆی لێدەبێتە نەورەس، ئاخر نووسەری ڕۆمانەکە هۆشیارانە ژیانی مرۆڤەکانی تەوزیف کردووە لە نەورەسەکاندا، کێشەکانی ئەو باڵندانە زۆر لە کێشەکانی ئێمەی مرۆڤەوە نزیکن، چونکە ئێمەی مرۆڤیش زۆرجار لە بێئاگاییمانەوە دەبینە پاشکۆی بیرو بۆچوونە کۆنو سواوەکان، زۆرجار ژیان تەنها لە پەیداکردنی بژێویدا کورت دەکەینەوەو دەرگای گەڕانو فێربوون بەڕووی خۆماندا دادەخەین، ئێمەی مرۆڤیش وەک نەورەسەکان ئامادەین لەسەر پەیداکردنی پارچە نانێکو تێر بوونی ژەمێکمان بەسەر لاشەی یەکتردا ڕابکەینو ئاواتی مەرگ بۆ بەرامبەرەکەمان بخوازینو ئامادەین شەڕی گەورەو خوێناوی بۆ تەماحو ئارەزووە جەستەییەکانمان بکەین، بەڵام بۆ یەک چرکەش ڕزگار بوونی ڕۆحمان بەلاوە گرنگ نییەو هەموو هەوڵێکمان تەنها بۆ ئەوەیە ژیان بەو بچووکییە بهێڵینەوە کە خۆمان نەخشەکەیمان داڕشتووەو چەندین بیانووشمان داتاشیوە بۆ ئەوەی بڕوا بەو ژیانە بچووکەی خۆمان بکەینو قایل بین بە هەموو شتێک.

لێرەدا ناکرێت باس لە توانای زمانەوانییو ئاستی هونەریی وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە نەکەین، کە بەو پەڕی تواناوە ( ئازاد بەرزنجی) وەریگێڕاوە، لە ڕاستیدا ئەوەندەی من بزانمو بیستبێتم، کاک (ئازاد) لە چەند لایەنێکەوە سەرکەوتنی لە پرۆسەی وەرگێڕاندا بەدەست هێناوەو بۆتە جێگەی متمانەو ناوبانگی پێدەر کردووە، یەکەم زۆر وشیارانە گرنگی بە جۆری تێکست دەدات، ئەو سەرەتا خۆی تێکستەکە دەخوێنێتەوەو هەڵیدەسەنگێنێتو بە ڕۆح لەگەڵیدا دەژی، هاوکات تەنسیقێکی باشیش لەگەڵ زەوقی خوێنەرو تێکستەکەدا دروستدەکات، بوونی باگراوندێکی فکریو ڕۆشنیری قووڵ لای ئەم وەرگێڕەمان، دەبێتە هۆی ئەوەی بەوردیو بەشێوەیەکی زانستیو ئەدەبیانە مامەڵە لەگەڵ کەشی هونەریو زمانەوانی ناو تێکستەکەدا بکاتو کۆی ڕووداوو ڕستەکان بگوازێتەوە سەر زمانی کوردی، چونکە من پێموایە تەنها زانینی یەک زمانی زیندووی دنیا بەس نییە بۆ ئەوەی کاری وەرگێڕانی ئەدەبی پێبکرێت، بچوککردنەوەی هونەری وەرگێڕان تەنها لەیەک ڕەهەندو چوارچێوەدا جگە لەکوشتنی دەقە ئەسڵییەکە هاوکات تێکدانی زەوق و میزاجی خوێنەری کوردیشە، بەڵام من لەو بڕوایەدام کاک (ئازاد بەرزنجی) لەم لایەنەشدا سەرکەوتوانە کار دەکاتو توانیویەتی بەرپرسیارانە شان بداتە ژێر باری سەختی وەرگێڕانی دەقی ئەدەبیی.

ئەم ڕۆمانە یەکێکە کە لە چاپکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم.